PowerPDF Copyright © 1998-2004 Visage Software, ASXperts, Inc.
This document was created with free TRIAL version of PowerPDF. This watermark will be removed after purchasing the licensed full version of PowerPDF. Please visit http://www.powerpdf.biz for more details



# توركیا بە نیازە 2 کەس لە پەنابەرانی سیاسی كورد دیپۆرتی ئێران بكاتەوە

بە گوێرەی هەواڵی گەیشتو لە توركیاوە و دوا بە دوای مانگرتنی كوردە پەنابەرەكانی كوردستانی ئێران لە بەر دەرگای بارەگای نەتەوە یەكگرتوەكان لە شاری ئانكارای پێتەختی ئەم وڵاتە ، پۆلیسی توركیا 2 کەس لەم پەنابەرە مانگرتوانەی كە بە زنجیر خۆیان لە دەركەی بارەگای نەتەوەیەكگرتوەكان بەستبۆوە گرتووەو بە نیازە دیپۆرتی ئێرانیان بكاتەوە . بورهان ئیزدەدی و باقی حەسەنی ئەم دوكەسەن كە دەوڵەتی توركیا بە نیازی دیپۆرت كردنەوەیانە .شایەنی گوتنە كە ئەم 2 كەسە خاوەن ڕابوردوی سیاسین و دیپۆرت كردنەوەیان ژیانیان دەخاتە مەترسی مەرگی حەتمی . پەنابەرانی كوردی كوردستانی ئێران لە وڵاتی توركیا وێڕای داواكاری لە بیروڕای گشتی بۆ گوشار خستنە سەر ئەم وڵاتە بۆ پێشگیری لە دیپۆرت كردنەوەی ئەم 2 كەسە، خوازیارن كە نەتەوەیەكگرتوەكان چالاكانەتر بە بارودۆخی ئەم پەنابەرانە ڕابگات كە ماوەی 3 ساڵ زیاترە لە دژوارترین بارودۆخدا ژیان بەسەر دەبەن و تا ئێستاش چارەنوسیان نادیارە . شایەنی باسە ئەمە یەكەمجار نیە كە دەوڵەتی توركیا هەڕەشەی دیپۆرت كردنەوە لەم پەنابەرانە دەكات و چەند كەسێكیشی لەم كۆمەڵە خەڵكە دیپۆرتی ئێران كردنەوە كە كۆماری ئیسلامی لە قەسابخانەكانیدا حوكمی ئیعدامی بەسەر دا سەپاندن . ئێمە وەك یەكێتی دێموكراتەكانی كوردستانی ئێران پشتگیری دەكەین لە داواكاری ئەم پەنابەرانەی كوردستانی ئێران و دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی ئەوان و داوا لە كۆمیسارییای باڵای نەتەوەیەكگرتروەكان و هەمو ڕێكخراوو كۆڕو كۆمەڵە بەشەردۆستەكان و ڕێكخراوی مافی مرۆڤ دەكەین بەدەم هاواری ئەم كۆمەڵە ئینسانەوە بێن كە بەشێكی زۆری تەمەنی خۆیان لە ڕێگای ئازادی كوردستاندا تێپەڕ كردووەو گوشار بخەنە سەر دەوڵەتی توركیا بۆ ئازاد كردنی ئەم 2 كەسە

????????? ?????? ?? ????? 2 ???? ?? ???????????? ????? ???? ??????? ????? ????????
PowerPDF Copyright © 1998,2004 Visage Software, ASXperts, Inc.
This document was created with free TRIAL version of PowerPDF. This watermark will be removed
after purchasing the licensed full version of PowerPDF. Please visit http://www.powerpdf.biz for more details

# یەکێتی دێمۆکراتەکانی کوردستانی ئێران

22ی ڕەزبەری 1383

www.ydki.org

yeketidemokratekan@yahoo.com

www.ydki.org